مجلة قەڵای زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کردە قسەیی ڕەفتار- Behabitives

## لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا بەپێی ڕەگەز

## The Behavioral Speech Acts in the Kurdistan Parliamentary Discussion

**پرۆفیسۆر دکتۆر قەیس کاکل تۆفیق**

فاکەڵتی ئاداب / زانکۆی سۆران

qais.kakl@soran.edu.iq

**مامۆستا پەروین عوسمان مستەفا**

فاکەڵتی ئاداب / زانکۆی سۆران

parwenhalaf@live.com

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢٠١٩/٣/١٠

القبول: ٢٠١٩/٤/٢٥

النشر: ربيع ٢٠١٩

**Doi: 10.25212/lfu.qzj.4.2.20**

**الكلمات المفتاحية:**

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بەناوی(کردە قسەیی ڕەفتارلە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا بەپێی ڕەگەز) تێیدا بەپێی بابەت و ڕەگەز شی دەکاتەوە، کردەی ڕەفتار جۆرێکە لەکردەقسەییەکان ،ئەم کردانە پەیوەندیان بەوکردەقسەییانەوەهەیە ، کەتایبەتن بەو بارە دەروونییەوە ، کە پەرلەمانتارەکان لەگفتوگۆکانیاندا لەرێگەی چەند کردەیەکەوە گوزارشت لەهەستەکانیان دەکەن ،ڕێبازی توێژینەوە ی(وەسفی- ئامار) ی تێیدا پێڕەوکراوە ،نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەکارهێنانی پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی چەند پرۆژە یاسایەکی گفتوگۆلێکراو لەپەرلەمانی کوردستاندا لەهەر سێ خولی پەرلەمانی دووەم(٢٠٠٥-٢٠٠٨)، سێیەم(٢٠٠٩-٢٠١٢)،خولی چوارەم (٢٠١٣-٢٠١٧) وەرگیراون،ئەم توێژینەوەیە پشتی بە بنەما ئامارییەکان بەستوە ، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەش ناساندن ودیاریکردنی بابەتە گفتوگۆ لێکراوەکان بەپێی ڕەگەز ودەرکەوتنی بابەتێک بەرامبەر بابەتەکانی تر لەگفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا،دیاریکردنی ئەو بابەتانەی ،کە ڕەگەزی نێر ومێ ڕۆڵێکی سەرەکیان تێدا بینیوە، دەرخستنی ڕێژەی سەدی کردەقسەییەکان لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە.

Verbal verbs, behavioral acts, .parliament, discussion,

## پێشەکی

کردەی ڕەفتار جۆرێکە لە کردەقسەییەکان ،ئەم کردەیەش پەیوەندی بەوکردەقسەییانەوەهەیە ، کە تایبەتن بەو بارە دەروونییەی پەرلەمانتارەکان لە گفتوگۆکانیاندا لە ڕێگەی چەند کردەیەکەوە گوزارشت لەهەستەکانیان دەکەن.توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدات کردەقسەیی ڕەفتار بەپێی بابەت و ڕەگەز وکردەی ڕەفتار شی بکاتەوە .

**ناونیشانی توێژینەوە**:بریتییە لە (کردە قسەیی ڕەفتار لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا بەپێی ڕەگەز) ئەم توێژینەوە یە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی کردە قسەیی ڕەفتار لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا.

**گرنگی توێژینەوە:** لە بواری زمانەوانی سیاسیی وکۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت بۆئەوانەی دەیانەوێت لەم بوارەدا کار بکەن.بەدیدێکی پڕاگماتیکی – کۆمەڵایەتیانەوە، شیکردنەوەو لێکدانەوەکان لە ژێر پایەی پڕاگماتیکدا دەبن.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ڕێبازی توێژینەوە**: بواری توێژینەوە دەچێتە ئاستی پڕاگماتییکەوە،ڕێبازی توێژینەوە کەش(وەسفی-ئامار)ییە تێیدا کردە قسەیی ڕەفتار شیکراونەتەوە.

**سنووری توێژینەوە**:سنووری توێژینەوەکە لەئاستی پراگماتیکدایە.

**کەرستەی توێژینەوە**: توێژەر لەم توێژینەوەدا پڕۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی چەند پرۆژە یاسایەکی گفتوگۆلێکراو لە پەرلەمانی کوردستاندا لە ماوەی هەر سێ خولی پەرلەمانی دووەم(٢٠٠٥-٢٠٠٨)، سێیەم(٢٠٠٩-٢٠١٢)،خولی چوارەم (٢٠١٣-٢٠١٧) وەرگرتووە.

- **پرسیاری توێژینەوە**: ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە ،وەک: - ئەوکردەڕەفتارانە چین ؟کە ڕۆڵێکی باش لەبەڕێوەبردنی گفتوگۆکانی پەرلەماندا دەبینن؟.

ئایا ڕەگەزی نێرو مێ لەگفتوگۆکاندا یەکسانن. یان جیاوازی لەنێوانیاندا هەیەو یەکێکیان باڵاترە . ئایا ڕێژەی ئەوکردانەی ، کەرەگەزی مێ بەکاری دەهێنیت لەبابەتەجیاوازەکاندا یەکسانن، یان تەنیا بایەخ بەو بابەتانەزیاتر دەدات ، کەپەیوەندیان بە ژن و باری کۆمەڵایەتییەوەهەیە.

**ئامانجی توێژینەوە:** بۆ گەیشتن بەوەڵامی ئەو پرسیارانەی لە توێژینەوەکە کراوە،توێژەر لەم هەوڵە زانستییەی دەیەوێت بگاتە چەند ئامانجێک ،وەک:

١-ناساندن ودیاریکردنی بابەتە گفتوگۆ لێکراوەکان بەپێی ڕەگەز ودەرکەوتنی بابەتێک بەرامبەر بابەتەکانی تر لەگفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا.

٢-دیاریکردنی ئەو بابەتانەی ،کەڕەگەزی نێر ومێ ڕۆڵێکی سەرەکیان تێدا بینیوە.

٣- دەرخستنی ڕێژەی سەدی کردەی ڕەفتار لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوە یە جگە لەپێشەکیی وئەنجام و باس لەمانە دەکات:سەرەتایەک بۆ کردە قسەیی ، باسکردنی کردەی ڕەفتار، ڕەگەزو کردەی ڕەفتار ، شیکردنەوەی ئاماری گۆتنەکان بەپێی بابەت و ڕەگەز و وجۆری گۆتنەکان ،لەکۆتاییشدا لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزیی وعەرەبی خراونەتە ڕوو.

**وشەکلیلییەکان: کردەقسەییەکان ، کردەی ڕەفتار، پەرلەمان، گفتوگۆکردن.**

## 1- تیۆری کردەی قسەیی و کردە قسەیی ڕەفتارلە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستاندا

**سەرەتا:**

لەم لێکۆلینەوەیەدا لەلایەنی تیورییەوەپشت بەبۆچوونی ئۆستن و سیریل دەبەستین. تیۆری کردەقسەییەکان بۆ پسپۆرانی زمان تێورێکی باوەو لەزمانی کوردیدا بڵاو بۆتەوە. ئەم لێکۆلینەوەیەبۆ ئە وەنییە، کەتیۆری کردەقسەییەکان بناسێنی بەڵکو بەکاری دەهێنی بۆ شیکردنەوەی گوتەکان. لەبەر ئەوە بەپێویستمان نەزانی ئەلفو بێی ئەو تیۆرەبۆ خوێنەران چەند بارەبکەینەوە. تەنیا ئەوەبەپێویست دەزانین ئەوەیە، کە(ئۆستن)، چەندکردەیەک دیاری دەکات ،وەک:[1]

١-**کردەی گۆتەیی**: ئەو دەنگانەن، کەقسەکەر دەیدرکێنێ وگوتەیەکی واتادار بەرهەم دەهێنن.

٢- **هێزی کردەی گۆتەیی**: کاتێک پەرلەمانتارەکان گوتەیەک دەدرکێنن واتایەکی مەبەستدار ڕادەپەڕێنن وکاریگەری مەبەستی گۆتنەکەی دیاری دەکەن.

٣- **کاریگەریی کردەی گۆتەیی**: هەرگوتەیەکی سیاسی ،کە پەرلەمانتارەکان دەیدرکێنن بریتییە لە پێکهاتەیەکی ڕێزمانی لە چوارچێوەی مەبەست ودەوروبەرێکی دیاریکراودا، پەیامێک دەگەیەنن و کاریگەری لەسەر پەرلەمانتارەکانی تر دروست دەکەن.

---

(1) بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە :1- جان.ار. سرل ،افعال گفتاری جستاری در فلسفه زبان، ترجمه:محمد علی عبداللهی،پژوهشگاه علوم و فرهن اسلامی ،١٣٨٥. ص(32-332)

2-الحسين أخدوش(21 اكتوبر 2016)نظرية افعال اللغة لدى الفيلسوف أوستين أسسها وحدودها الفلسفية، مؤسسة (مؤمنون بلا حدود) للدراسات وابحاث،قسم الفلسفة والعلوم الانسانية.ص(30-36).

Austin, John L.( 1962) , How to Do Things with Words, Clarendon, Oxford,p:95

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی جۆری کردەقسەییەکان کارێکی ئاسان نییە، ئەگەرچی کردارەکانیش پۆلێنکراون ،چونکە پۆلێنکردنی ئەو کردانە بەپێی مەبەست و توانای ڕەوانبێژییەکان کارێکی دروست نییە وئەنجامێکی باش نادات بەدەستەوە. هەرلەم ڕووەوە(( ئەوکردانە وا چاوەڕوان دەکرێت لایەنێکی فراوان و بەربڵاوی ئەوکردانە ڕوون بکەنەوە ،کە دەیگەیننە وەرگر))(قیس کاکل:١٩٩٥،٥٣).هەربۆیە لە پۆلێنکردنی کردەقسەییەکان ناتوانرێت ژمارەی کردەکان بە بنەماوپێوەرێکی ڕاست دابنرێت ،چونکە ژمارەی کردەکان زۆر لەوە زیاترن، کە پۆلێنکراون،هەریەک لە زمانەوانان(ئۆستن و سیریل) چەند پۆلینێکیان بۆ کردەقسەییەکان کردووە، بەڵام لەم بارەیەوە (ئۆستن)،:دەڵێت:((هەرچەندە کردەقسەییەکان بۆ (٥) پێنج جۆر پۆلین دەکەم، بەڵام بەوپۆلینانەی خۆم ڕازی نیم، چونکە هەر پۆلینێک لەو پۆلانە دابەشکردنی زیاتر هەڵدەگرێت)) (Austin:1962,2 ).

بەشێوەیەکی گشتی (ئۆستن)و( سیریل) کردەقسەییەکانیان بۆ (٥)پێنج جۆر پۆلێن کردووە ، هەرچەندە لە پۆلێنکردنەکانیاندا تێکەڵ کردنێک هەیە(Ronald (Wardhaugh:2006,286)کردەکانیش ئەمانەن[2]:(کردەی بڕیاردان- Verdictives ، ، کردەی فەرماندان – Exercityive ، کردەی پەیوەست بوون(بەڵێندان) Commissives ، کردەی ڕەفتار-Behabitives،، کردەی گفتوگۆ- Expositives.

**٢- کردەی ڕەفتار-Behabitives:**

کردەی ڕەفتار جۆرێکە لە کردەقسەییەکان ،ئەم کردانە پەیوەندیان بەوکردەقسەییانەوە هەیە ، کە تایبەتن بە هەڵسوکەوت وڕەفتاری بەرامبەر کەسێک چ لە ڕابردوو یان لەکاتی قسەکردندا بێت((بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەست دەبێت و سنووری بەکارهێنانیشیان لە هەمان دەوروبەری کۆمەڵایەتیی وداب ونەریت وبەهاکۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێت)) ( Aus t i n:1962,156).

(2) - بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە :

Ki r s t e n Mal mkj aer ,( 2010) ,The Rut l edge Li ngui s t i c s Encycl opedi a ,Speech – Act Theor y, t hi r d Edi t i on, London ,New Yor k.P:498

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردەی ڕەفتار کردەیەکی قسەییە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە هەبوونی کاریگەریی دەرەکی دەکرێت ،کە کار دەکاتە سەر قسەکەر وای لێدەکات بارێکی دەروونی دیاریکراوی هەبێت و تێیدا کاریگەریی ناوەکیی و ویژدانی لای دروست دەبێت وا لە قسەکەر دەکات گوزارشت لەوشتەی لەناخیدا هەیە بیکات،کردەکانی ڕەفتاریش پێوەرێکن بۆئەوبارە دەروونییە ،کە تاک بتوانێت هەر بارێک لەو بارە دەروونییانە بەگووتەیەک دەرببڕێت ، مەرجی سەرەکیش لەم کردەیەدا بریتییە لە ((دڵسۆزیی وڕاستگۆیی لە دەربڕینی کردەکەدا ))(جاك موشلر:2010،76)

لە گفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستانیشدا بەشێوەیەکی زۆر ئەم کردانە بەکارهێنراون ،کە گوزارشت لەو بارە دەروونییە دەکات،کە پەرلەمانتاران لەناو پەرلەماندا هەستی پێ دەکەن.کردەکانیش ،وەک(سوپاسکردن ،پیرۆزبایی کردن، گلەیی کردن ، دەستخۆشی کردن ،هەست دەربڕین،لێ بوردن کردن، بەخێر هاتن کردن،حەزکردن ، هیوا خواستن،..... تد).ئەم کردەیەش لەلایەن زمانەوان(سیریل)بە کردەکانی هەست دەربڕین (Expressive Acts)دانراوە ،گوزارشتکردنە لە هەڵوێستێکی دەروونی ومەرجی ڕاستگۆبوون لەکردەکەدا بەدیدەکرێت ، ئاڕاستەی هاوتابوونەکەشی بریتییە لە خانەی بە تاڵ (Ø )[3] واتە ئاڕاستە لە نێوان (Words -to - World) نییە لەم کردانەشدا دەردەکەوێت، ((کە قسەکەر کاریگەری جیهانی دەرەوەیان لەسەرە ، بەڵام دەبێت هاوتابوونێک لەنێوان ناوەڕۆکی مەبەستی گوتەکە و ئەوهەڵوێست وکاریگەرییەی لەباری دەروونی وکۆمەڵایەتی قسەکەردا هەیە ،هەبێت وئەمەش وای لە سیریل کرد کەسنووری هاوتابوونی کردەکانی ڕەفتارو جیهانی دەرەوە بەخانە بە تاڵ (Ø ) دابنێت)).(فيليب بلانشيە:٢٠١٢،٤٨).

## ٣- ڕەگەزو کردەی ڕەفتار :

بەشێوەیەکی تایبەتی جیاوازی نێوان زمانی ژن وپیاو دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە، لێکۆڵینەوەزمانەوانییەکانیش زیاتر جەخت لە سەر ئاخاوتن و گفتوگۆکردن دەکەن.لە زۆربەی زمانەکاندا بەپێی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێرومێ دەکرێت و

(3) بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە : 1-Searle, John R ,( 1976) A Classification Of Illocutionary Acts ,Language, In Society ,Vol 5,Number 1 April ,p:101

2-JOHN R . Searle , (1979),EXPRESSION AND MEANING , Studies in the Theory of Speech Acts , CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS,P:16

مجلة قەلاى زانست العلمية

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەندین جۆری ئاخاوتن بەپێی جۆری ڕەگەزەکە لە خۆ دەگرێت وەک بەکارهێنانی زمان بەپێی داب ونەریتی کۆمەڵایەتیی وئەوگۆڕانانەی بەسەر زماندا دێت.زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ گەیاندن و پەیوەندیکردنی ڕەگەزی نێر و مێ بەدوو جۆر دەردەکەوێت ،وەک:

یەکەم:ڕەگەز، وەک یەکێک لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان ،کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەو گۆڕانکاریانەوە هەیە، کە لە نێوان هەردووڕەگەزدا دەبێت، وەک :پەیوەندی زمان وڕەمزەزمانییەکان و پێوەری واتایی و کردەکۆمەڵایەتییەکان بۆ پەیوەندیکردن و گەیاندن.

دووەم: ڕەگەز(جێندەر) بەشێکی سەرەکییە لە چینە کۆمەڵایەتییەکان وبریتییە لە تایبەتییەکانی ژن و پیاو ،لەڕووی تێکەڵاویی کۆمەڵایەتییەوە .هیچ پەیوەندی بەجیاوازی جەستەییەوە نییە .

پڕاگماتیک زانستێکە مرۆڤ لە کاروباری ڕۆژانەیاندا بەکاری دەهێنن وکردەقسەییەکانیش لقێکی بنەڕەتین لەوزانستە ،ئاخاوتنیش چالاکییەکە لە ڕێگەی گۆتندا ڕادەپەڕێنرێت .زۆربەی کردەقسەییە بەکارهاتووەکان، کە لە لایەن ڕەگەزی نێر و مێ ڕۆژانە لە کاروچالاکییەکانیاندا بەکاریان دەهێنن، بریتییە لە (کردەی ڕەفتار) کە لەڕێگەی ئەم کردەیەوە گوزارشت لەهەستی قسەکەر بۆ وەرگر دەکرێت، وەک لە بەکار هێنانی کردەی (سوپاسکردن ،دەستخۆشی کردن ،هەست دەربڕین ،گلەیی کردن و لێبوردن)دادەردەکەوێت. بۆنموونە، لە گفتوگۆکانی پەرلەماندا کردەی (سوپاسکردن) لەلایەن ڕەگەزی (نێر و مێ)وە لە چەند هەڵوێستێکدا ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی بۆ هەستی بەرامبەر دروست دەکەن. بۆ نموونە:

**--ڕەگەزی مێ:**

**- زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکەم کەلەسەر دیاردەی کوشتنی ژن نووسیویانە[4].**

**-ڕەگەزی نێر:**

([4])بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : پرۆتۆکۆڵی (داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان و ژنانی تایبەت بەدواداچوونی کوشتنی ژن وئافرەتان) ساڵی ٤/٧/، ٢٠٠٧ ، خ/دووەم ،ژ(٣١) ،بەرگی چل ویەک، چاپی یەکەم،لا :٣29

**-زۆر سوپاسیان دەکەین ،کە شەوڕۆژ خەو خۆراکیان لەخۆیان حەرام کردووە.** [5]

بەکارهێنانی ئەوکردەقسەییانە لە گفتوگۆکانی پەرلەماندا لەلایەن ڕەگەزی(نێر و مێ)ەوە جیاوازی لەبەکارهێنانی واتای ئەوکردانە دروست نابێت.تەنیا ڕێژەیی بەکارهێنانی کردەکان جیاواز دەبێت.کە کامە ڕەگەز زیاتر هەستەکانیان لە ڕێگەی ئەو کردانەوە دەردەبڕن.

کردەی لێبوردنیش لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکردەقسەییەکی گرنگ دادەنرێت، (( پۆزش هێنانەوە لە سیاسەتدا بۆهاوسەنگ بوونی گفتوگۆ لە نێوان ئاخێوەران و بۆ ئامانجی هاوتابوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی وسیاسییەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەکان بە فاکتەرێکی چاکسازی گرنگ دادەنرێت))( .(Kofi Agyekum:2015,75

کردەی لێبوردنیش کردەیەکی ڕەفتارو ڕەوشتە ،قسەکەر هەڵەکانی خۆی بەرامبەرووەرگر دەنوێنێت و بە پۆزش هێنانەوە دان بە هەڵەکەیدا دەنێت .لەم کردەیەدا قسەکەر و وەرگر(ئەندام پەرلەمانەکان) لە هەمان ئاست وپێگەی کۆمەڵایەتین ئەمەش وادەکات دەرفەتی زیاتر بەکارهێنانی ئەوجۆرە کردەیە لەگفتوگۆکاندا هەبێت .

کردەی لێبوردن لە چەند بارێکدا بەکاردێت ،وەک:

١-گوزارشتکردنە لە پاشگەزبوونەوەی هەڵە، وەک( پەشیمانم).

٢- داوای لێبوردن کردن بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستێک ،تاوەکو ئەوکەسە نەبێتە قوربانی کێشەکەی، کەڕوویداوە.

٣-دان پێدانانی هەڵەش بەیەکێک لە کردەی لێبوردن دادەنرێت.

---

([5])بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : پرۆتۆکۆڵی (پرۆژە یاسـای تەندروسـتیی وکاروباری کۆمەڵایەتیی ومافەکانی مرۆڤ وداکۆکیکردن لەمافی ژنان و ئافرەتان لەسـەر ڕەوشـی بەندیخانەکان و بەندکراوەکانی هەرێم) ساڵی ٢٠٠٦/١٠/٣٠، خ/دووەم ،ژ(١٦) ،بەرگی سی و هەشت، چاپی یەکەم،لا :١١١

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤- بەڵێن دانە بۆدووبارەنەکردنەوەی هەڵەکان.

هۆڵمز،کردەی (لێ بوردن) وەک نموونەیەک بەکارهێناوە کە لە گفتوگۆکردندا بەیەکێک لەکردەقسەییەکانی دادەنێت))(Holmes:2013,31)،وای بۆ دەچێت ، کە((کردەی لێ بوردن لەلایەن ڕەگەزی نێرومێ (پیاو،ژن) ئەرکی جیاواز دەبینێت،ئەم کردەیە بەلایەن ڕەگەزی مێ بریتییە لە هاوکاریکردن ، لەکاتێکدا بەلای ڕەگەزی نێر(پیاو) دان پێدانانە بەلاوازیی و کەمتەرخەمی وفەشەل هێنان)) [6]لەئاخاوتنی ڕۆژانەدا ژن زۆرتر لەپیاو ئەوکردەیە بەکار دەهێنێت ،هەروەک. (ماکێنجی) لەکتێبی -Power Talk )دا، دەڵێت:((ژن لێبوردەیەو پیاو ئازاو بوێرن))(McGinty:2001,142 ). بەڵام لەبواری سیاسیدا ڕەگەزی نێرومێ هەمان کردەی لێبووردن بەکاردەهێنن و هەمان توانست ودەسەڵاتیان بەسەر کردەکەدا هەیە، ئەمەش لەلای (هدسۆن)پێی دەگوترێت(ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان)(هدسۆن:٢٠،١٩٩٠) ، بۆنموونە:

**-ڕەگەزی مێ:**

**دکتۆر ببورە، منیش هەر بۆ ئەوەبوو بڵێم بە ئیمەیل (SEND) بکرێت بۆ هەموو ئەندامان[7].**

**-ڕەگەزی نێر:**

**داوای لێبووردنتان لێ دەکەم خۆتان وتتان ئەو پارەیە وەرناگرێ[8].**

**٤-١-کۆمەڵگای توێژینەوە:**

(6)بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: www.upmr o/ gi dni / GI DNI - 04/ Hs t / Hs t %2004%2019

(7)بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : پرۆتۆکۆڵی (پرۆژە یاسای سندوقی هاوکاریکردنی نەخۆشییەکانی شێرپەنجەونەخۆشی قورس ساڵی ٢٠١٢/٩/٢٦ ، خ/سییەم ،ژ(83) ،بەرگی هەشت و پێنج، چاپی یەکەم،لا :٣٤

(8)بۆزانیاری زیاتر بڕوانە : پرۆتۆکۆڵی (پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن(تیرۆر) لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا) ساڵی ٢٠١٤/٦/١٥، خ/چوارەم،ژ(٨)، لا :٢٢

بریتییە لە پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان ،کەلە (٣)سێ خولی پەرلەمانی پێکدێن، پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان لەودانیشتنانە پێکدێن ،کە لەناو پەرلەماندا گفتوگۆی پرۆژەیاساکانی تێدا کراوە.

**٤--٢-نموونەی مەبەستدار:**

دیاریکردنی نموونەی مەبەستدار ،بۆ دیاریکردنی گۆتنەکانی سێ خولی پەرلەمانی جیاوازلەخۆدەگرێت،وەک:خولی دووەم (٢٠٠٥-٢٠٠٨)،خولی سێیەم (٢٠٠٩-٢٠١٢) ،خولی چوارەم (٢٠١٣-٢٠١٧)،ئەم نموونانەش لەسایتی پەرلەمانی کوردستان لە(ئەنتەرنێت)(9) ەوە وەرگیراون.

**- ٤-٣-قەبارەی نموونە:**

قەبارەی نموونەی دەستنیشانکراو لە کۆمەڵگای ئاماری توێژینەوەکە بریتییە لە (٦١٠) پرۆتۆکۆڵی پەرلەمانی کوردستان،کە لەخولی دووەم (٢٠٠٥-٢٠٠٨ ) ،خولی سێیەم (٢٠٠٩-٢٠١٢) ، خولی چوارەم (٢٠١٣-٢٠١٧) بەشێوەی هەڵبژاردنی نموونەی مەبەستدار، واتە: بەپێی بابەت (5)بابەت ،بۆ هەر بابەتێک (٢) پرۆتۆکۆڵ هەڵبژێردراوە. بەپێی ڕەگەز(نێرو مێ) وەرگیراون.

**٤-٤-نموونەی ئاماری :**

بۆشیکردنەوەی بابەتەکانی پرۆتۆکۆڵەکانی کوردستان بەپێویستمان زانی ، بۆهەر هەربابەتێک وشەی تایبەت دابنرێت ، وەک :(خێزان) بۆبابەتی (کێشەی ژن و خێزان) و(تەندروستی ) بۆ بابەتی (تەندروستیی و کاروباری کۆمەڵایەتی )، (سیاسی) بۆ بابەتی (کاروباری سیاسی )، (دارایی) بۆ بابەتی(کێشە داراییەکان ) ، (خوێندن) بۆ بابەتی (پەروەردەو خوێندنی باڵا)، هەروەها بۆ هەرگۆتنێک بەپێی جۆرو مەبەستی گۆتنەکە ژمارەیەکی تایبەتی بۆ دابنێین .وتیۆری کردە قسەییەکان بەپێی ئامارێک بۆ هەموویان بەکار هێناوە. گۆتنەکانیش ئەمانەن:

بابەت **کێشەی ژن و خێزان**

(9) www.kurdistan-parliament.org

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ژ | پرۆتۆکۆڵ | پرۆتۆکۆڵ وژماره | ساڵ وخوول |
|---|---|---|---|
| -١ | داکۆکیکردن له مافی ئافرەتان و ژنانی تایبەت بەدواداچوونی کوشتنی ژن وئافرەتان | ٣١/٤١ | ٢٠٠٧/٧/٤ دووەم |
| -2 | پرۆژەیاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی له هەرێمی کوردستان | ٢٨/٧٠ | ٢٠١١/٦/٢١ سێیەم |

**خشتەی ژمارە(1)**

بابەت **تەندروستیی و کاروباری کۆمەڵایەتی**

| ژ | پرۆتۆکۆڵ | پرۆتۆکۆڵ وژماره | ساڵ وخوول |
|---|---|---|---|
| -١ | پرۆژە یاسای سندوقی هاوکاریکردنی نەخۆشییەکانی شێرپەنجەونەخۆشی قورس | ٨/٨٣ | ٢٠١٢/٩/٢٦ سێیەم |
| -٢ | پرۆژە یاسای تەندروستیی وکاروباری کۆمەڵایەتیی ومافەکانی مرۆڤ وداکۆکیکردن لەمافی ژنان و ئافرەتان لەسەر ڕەوشی بەندیخانەکان و بەندکراوەکانی هەرێم | ١٦/٣٨ | ٢٠٠٦/١٠/٣٠دووەم |

**خشتەی ژمارە(2)**

بابەت **کاروباری سیاسی**

| ژ | پرۆتۆکۆڵ | پرۆتۆکۆڵ وژماره | ساڵ وخوول |
|---|---|---|---|
| -١ | هەڵوێستی پەرلەمان لەسەرڕەوشی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە بەهۆی هەرەشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستانی عێراق | ١٦/٤٤ | ٢٠٠٧/١٠/٢٤سێیەم |
| -٢ | پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تۆقاندن(تیرۆر) له هەرێمی کوردستانی عێراقدا | ٨ | ٢٠١٤/٦/١٥چوارەم |

**خشتەی ژمارە(3)**

بابەت **کێشە داراییەکان**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ژ | پرۆتۆكۆڵ | پرۆتۆكۆڵ وژمارە | ساڵ وخوول |
| --- | --- | --- | --- |
| ١- | پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی٢٠١٠ی هەرێمی كوردستان -عێراق | ١/٥٥ | ٢٠١٠/١/٢٦سێیەم |
| | | ٤/٥٥ | ٢٠١٠/٢/٢٤سێیەم |

**خشتەی ژمارە(4)**

بابەت پەروەردەو خوێندنی باڵا

| ژ | پرۆتۆكۆڵ | پرۆتۆكۆڵ وژمارە | ساڵ وخوول |
| --- | --- | --- | --- |
| ١- | سیستەمی نوێی خوێندن لە هەرێمی كوردستان -عێراقدا | ٣/٤٣ | ٢٠٠٧/٩/١٢دووەم |
| ٢- | ڕاپۆرتی لیژنەی لێكۆڵینەوەی پەرلەمان سەبارەت بە زانكۆ ئەهلییە داخراوەكان لە هەرێمی كوردستان -عێراقدا | ٢/٥٥ | ٢٠١٠/٢/٢٢سێیەم |

**خشتەی ژمارە(5)**


**٥- شیكردنەوەی ئاماریی بابەت بەپێی ڕەگەز :**

لە شیكردنەوەی بابەتەكانی پرۆتۆكۆڵی پەرلەمانی كوردستادا بە پێی ڕەگەز ڕوون دەبێتەوە ،كە هەریەک لە بابەتە گفتوگۆلێكراوەكان بە ڕێژەیەكی جیاواز گۆتنەكان لە لایەن ڕەگەزی (نێر و مێ)وە بەكارهێنراون، بەشێوەیەكی ئاسایی لەناو بابەتەكاندا ژمارەی گۆتنەكان لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە دووبارە كراونەتەوە.

| | بابەت * كردەی ڕەفتار | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| | خێزان | تەندروستی | سیاسی | دارایی | خوێندن |
| نێر | 116 | 71 | 138 | 83 | 136 |
| | 42.6% | 45.5% | 78.0% | 52.9% | 69.7% |
| مێ | 156 | 85 | 39 | 74 | 59 |
| | 57.4% | 54.5% | 22.0% | 47.1% | 30.3% |


مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی ژمارە(6) ڕێژەی سەدی گۆتنەکان لەلایەن ڕەگەزەکانەوە بەپێی بابەت**




**هێلکاری ژمارە(1) ڕێژەی سەدی گۆتنەکان لەلایەن ڕەگەزەکانەوە بەپێی بابەت.**

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)





**هێلکاری ژمارە(2) ڕێژەی سەدی گۆتنەکان لەلایەن ڕەگەزەکانەوە بەپێی بابەت.**

شیکردنەوەی بابەتەکانی پرۆتۆکۆڵی پەرلەمانی کوردستادا بەپێی ڕەگەز لە خشتەی ژمارە(6) و هێلکاری ژمارە(2,1) ڕوون دەبێتەوە ،کە هەریەک لە بابەتە گفتوگۆلێکراوەکان بە ڕێژەیەکی جیاواز گۆتنەکان لەلایەن ڕەگەزی( نێر ومێ)وە بەکارهێنراون، بەشێوەیەکی ئاسایی ژمارەی گۆتنەکان لەناو بابەتەکان دووبارە کراونەتەوە. لەکۆی گشتی (544)گۆتن لایەن ڕەگەزی( نێر- پیاو) بەکار هێنراون ،(413)گۆتنیش لەلایەن رەگەزی( مێ – ژن) بەکار هێنراون. ڕێژەی گۆتنە بەکارهاتووەکانیش بەپێی بابەت لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە بەم شێوەی خوارەوەیە:

لە بابەتی(کێشەی ژن و خێزان)دا ژمارەی گۆتنە بەکار هاتووەکان لەلایەن ڕەگەزی نێر بریتین لە (116) سەدوشازدە گۆتن بەرێژەی 42.6% ، ژمارەی گۆتنە بەکار هاتووەکانیش لەلایەن ڕەگەزی مێ بریتین لە(156) سەدو پەنجاو شەش گۆتن بەرێژەی(57.4%).


مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**هێلکاری ژمارە(3) بابەتی (کێشەی ژن و خێزان)بەپێی ڕەگەز**

لە بابەتی(تەندروستیی و کاروباری کۆمەڵایەتی) دا ژمارەی گۆتنە بەکار هاتووەکان لەلایەن ڕەگەزی نێر بریتین لە (71) حەفتاو پێنج گۆتن بەرێژەی 45.5% ، ژمارەی گۆتنە بەکار هاتووەکانیش لەلایەن ڕەگەزی مێ بریتین لە(85) هەشتا و پێنج گۆتن بەرێژەی(54.5%).


مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**هێلکاری ژمارە(4) بابەتی (تەندروستیی و کاروباری کۆمەڵایەتی) بەپێی ڕەگەز**

لە بابەتی(کاروباری سیاسی)دا ژمارەی گۆتنە بەکار هاتووەکان لەلایەن ڕەگەزی نێر بریتین لە (138) سەدوسی وهەشت گۆتن بەڕێژەی 78.0% ، ژمارەی گۆتنە بەکارهاتووەکانیش لەلایەن ڕەگەزی( مێ) بریتین لە(39) سی و نۆ گۆتن بەڕێژەی(22.0%).


مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**هێلکاری ژماره(5) بابەتی (کاروباری سیاسی) بەپێی ڕەگەز**

له بابەتی(کێشه داراییەکان)دا ژمارەی گۆتنه بەکار هاتووەکان لەلایەن ڕەگەزی نێر بریتین له (83) هەشتاو سێ گۆتن بەرێژەی 52.9% ، ژمارەی گۆتنه بەکارهاتووەکانیش لەلایەن ڕەگەزی مێ بریتین له(74) حەفتا و چوار گۆتن بەرێژەی(47.1%).


مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**هێلکاری ژمارە(6) بابەتی (کێشە داراییەکان) بەپێی ڕەگەز**

لە بابەتی(پەروەردە و خوێندنی باڵا)دا ژمارەی گۆتنە بەکار هاتووەکان لەلایەن ڕەگەزی نێر بریتین لە (136) سەدوسی سەش گۆتن بەرێژەی 69.7% ، ژمارەی گۆتنە بەکارهاتووەکانیش لەلایەن ڕەگەزی مێ بریتین لە(59) پەنجا و نۆ گۆتن بەرێژەی(30.3%).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**هێلکاری ژمارە(7) بابەتی ((پەروەردە و خوێندنی باڵا)) بەپێی ڕەگەز**

**٦- شیکردنەوەی ئاماریی کردەی ڕەفتاربەپێی ڕەگەز:**

لەشیکردنەوەی پرۆتۆکۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا بەپێی ڕەگەز لە خشتە (7)و هێلکاری ژمارە (8) دا ڕوون دەبێتەوە ،کە هەریەک لە گوتە بەکارهاتووەکان بە ڕێژەیەکی سەدی جیاواز لەلایەن ڕەگەزی( نێر ومێ)وە بەکارهێنراون، بەشێوەیەکی ئاسایی ژمارەی گۆتنەکان دووبارە کراونەتەوە. لەکۆی گشتی (136)گۆتن لایەن ڕەگەزی( نێر- پیاو) بەکار هێنراون ،(70)گۆتنیش لەلایەن رەگەزی( مێ – ژن) بەکار هێنراون .ڕێژەی گۆتنە بەکارهاتووەکان بەم شێوەیە بەکار هاتوون:

١- کردەی (سوپاسکردن) لەلایەن ڕەگەزی( نێر)ەوە بریتییە لە(27)گۆتن بەڕێژەی (60.0%) بەکار هێنراون، لەلایەن ڕەگەزی( مێ)وە بریتییە لە(12)گۆتن بەڕێژەی (40.0%) بەکار هێنراون.

٢- کردەی (دەستخۆشی کردن) لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بریتییە لە(24)گۆتن بەڕێژەی(66.7%) بەکار هێنراون، لەلایەن ڕەگەزی( مێ)وە بریتییە لە(18)گۆتن بەڕێژەی (33.3%) بەکار هێنراون.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- کردەی (هیواخواستن) لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بریتییە لە(21)گۆتن بەرێژەی(75.0%) بەکار هێنراون، لەلایەن ڕەگەزی( مێ)وە بریتییە لە(7)گۆتن بەرێژەی (25.0%) بەکار هێنراون.

4- کردەی (گلەیی کردن) لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بریتییە لە(17)گۆتن بەرێژەی(94.4%) بەکار هێنراون، لەلایەن ڕەگەزی( مێ)وە بریتییە لە(1)گۆتن بەرێژەی (5.6%) بەکار هێنراون.

5- کردەی (حەزکردن-حەزدەکەم) لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بریتییە لە(14)گۆتن بەرێژەی(51.9%) بەکار هێنراون، لەلایەن ڕەگەزی( مێ)وە بریتییە لە(13)گۆتن بەرێژەی (48.1%) بەکار هێنراون.


6- کردەی (بەخێرهاتن کردن) لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە بریتییە لە(9)گۆتن بەرێژەی(52.9%) بەکار هێنراون، لەلایەن ڕەگەزی( مێ)وە بریتییە لە(8)گۆتن بەرێژەی (47.1%) بەکار هێنراون.

کردەی ڕەفتار *ڕەگەز

| گۆتن | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|
| سوپاس کردن | 27 | 60.0% | 18 | 40.0% |
| حەزکردن | 14 | 51.9% | 13 | 48.1% |
| بەخێرهاتن کردن | 9 | 52.9% | 8 | 47.1% |
| گلەیی کردن | 17 | 94.4% | 1 | 5.6% |
| دەستخۆشی کردن | 24 | 66.7% | 12 | 33.3% |
| هەست دەربڕین | 13 | 61.9% | 8 | 38.1% |
| شانازی کردن | 1 | 100.0% | 0 | 0.0% |
| نزاکردن | 3 | 75.0% | 1 | 25.0% |
| لێ بووردن | 5 | 71.4% | 2 | 28.6% |
| هیواخواستن | 21 | 75.0% | 7 | 25.0% |
| پیرۆزبایی کردن | 2 | 100.0% | 0 | 0.0% |

**خشتەی ژمارە(7) شیکردنەوەی کردەی ڕەفتاربەپێی ڕەگەز**

مجلة قەڵاى زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




**هێلکاری ژمارە(8) شیکردنەوەی کردەی ڕەفتاربەپێی ڕەگەز**

## گفتوگۆ و ئەنجام

١- شیکاری پڕاگماتیکی کردەی قسەیی رەفتار دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی لەڕێگەی شیکاری گفتوگۆکانەوە لە ئەرک وپەیام و مەبەستی بابەتە گفتوگۆلێکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بگەین وبەشێوەیەکی گشتی بەپێی هێلکاری ژمارە(2,1) ڕۆڵی ڕەگەزی مێ بەشێوەیەک دیارە،کە لەبابەتی (کێشەی ژن وخێزان ) لە (156) سەدو پەنجاو شەش گۆتن بەرێژەی(57.4% ، بابەتی (تەندروستیی وکاروباری کۆمەڵایەتی) لە(85) هەشتا و پێنج گۆتن بەرێژەی(54.5%، بابەتی( کاروباری دارایی) لە(74) حەفتا و چوار گۆتن بەرێژەی(47.1%)دا دەرکەوتووە، کە ئەم بابەتانە بەرێژەیەکی زۆر لەلایەن ئەو ڕەگەزەوە جێگەی سەرنج و بایەخ پێدانە.

٢- بە پێی هێلکاری ژمارە(2,1)ڕوون دەبێتەوە ،کردەقسەییە بەکارهاتووەکانی ناو گفتوگۆکانی پەرلەمان لەلایەن ڕەگەزی نێر زیاتر لەبابەتی (کاروباری سیاسی) لە (138) سەدوسی وهەشت گۆتن بەرێژەی 78.0% ،بابەتی (پەروەردە وخوێندنی باڵا) لە (136) سەدوسی سەش گۆتن بەرێژەی 69.7% و بابەتی( کاروباری دارایی) لە (83) هەشتاو سێ گۆتن بەرێژەی 52.9% بەکار هاتووە ،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ،کە لەکوردستاندا ئەم سێ بابەتە بەرێژەیەکی زۆر لەلایەن ئەوڕەگەزەوە جێگەی سەرنج و بایەخ پێدانە.

٣- کردە قسەیی ڕەفتار پێوەرێکن بۆئەوبارە دەروونییەی پەرلەمانتارەکان تێیدا هەستەکانیان دەردەبڕن و قسەکەریش ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕاپەڕاندنی کردەقسەیی دەبینێت، چونکە کردەکان لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردایە وئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەگێرێت.

4- بە پێی هێلکاری ژمارە(8) وخشتەی ژمارە(7)ڕوون دەبێتەوە ،کە پەرلەمانتاری ژن لەدەربڕینەکانیان کەمتر گوزارشت لەوبارە دەروونییە دەکەن وکەمترلە پیاوان هەستەکانیان دەردەبڕن بە تایبەتی لە کردەی (گلەیی کردن) (1)گۆتن بەرێژەی (5.6%) بەکار هێنراون، بەڵام لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە (17)گۆتن بەرێژەی(94.4%) بەکار هێنراون. وا دەردەکەوێت ،کە ڕەگەزی نێر بەرێژەیەکی زۆر هەستەکانیان لەڕێگەی ئەم کردەیەوە دەردەبڕن.

لەسەر ئەو بنەمایە گریمانەی ئەوە دەکرێت لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا زۆربەی کردەکانی ڕەفتار ، پێوەرێکن بۆئەوبارە دەروونییەی پەرلەمانتارەکان تێیدا هەستەکانیان دەردەبڕن ، ڕەگەزی (نێر) بەبەراورد لەگەڵ ڕەگەزی( مێ) زیاتر بێت ،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ، کە پەرلەمانتاری ژن لەدەربڕینەکانیان کەمتر گوزارشت لەوبارە دەروونییە دەکات وکەمترلە پیاوان هەستەکانیان دەردەبڕن.بە تایبەتی ،لە کردەی (گلەیی کردن) وا دەردەکەوێت ،کە ڕەگەزی نێر بەرێژەیەکی زۆر زیاتر ئەم کردەیەیان بەکارهێناوە، بەڵام لە کردەی (حەزکردن)دا بە ڕێژەیەکی نزیک لە یەکترەوە ئەم کردەیان بەکار هێنراوە،

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێوەیەکی گشتی وادەرکەوتووە ،کە هەردوو ڕەگەز هەستەکانیان لەڕێگەی کردەی (سوپاسکردن و دەستخۆشی کردن و هیوا خواستن)ەوە دەربڕیوە.

**پێشنیاز و ڕاسپاردە:**

١- ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی ئاستەکانی تری زمان لەگفتوگۆکانی پەرلەمان و دەستنیشانکردنی گرفت و دۆزینەوەی چارەسەر کردن بەئامانجی باشتر کردنی زمانی داڕشتنی پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان.

٢- لەبواری زمانەوانی سیاسیدا ڕۆڵی ڕەگەزی مێ دەستنیشان بکرێ و هۆکاری ڕۆڵی ئەم ڕەگەزەش لە بڕیاری سیاسیدا ڕوون بکرێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

**- سەرچاوە کوردی و فارسییەکان:**

-تۆفیق ،قیس کاکل (١٩٩٥)،جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردەقسەییەکان، کۆلێجی ئاداب-زانکۆی سەڵاحەددین، نامەی ماستەر

-جان.ار. سرل ،(١٣٨٥)افعال گفتاری جستاری در فلسفه زبان، ترجمه:محمد علی عبداللهی،پژوهشگاه علوم و فرهن اسلامی .

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- أخدوش ،الحسين (21 اكتوبر 2016)نظرية افعال اللغة لدى الفيلسوف أوستين أسسها وحدودها الفلسفية، مؤسسة (مؤمنون بلا حدود) للدراسات وابحاث،قسم الفلسفة والعلوم الانسانية.

- ان ريبول ،جاك موشلر(2010)،القاموس الموسوعي للتداولية،دارسيناترا،تونس.

- بلانشيه، فيليف(2012) ، اليداولية,ت:صابر الحباشة وعبدالرزاق الجماعي,عالم الكتبز اربد- الاردن.

-هدسون(1990) علم اللغة الاجتماعي، ترجمة الدكتور محمود عياد ،مراجعة:د، نصرحامد ابوزيد ومحمد اكرم سعدالدين ،عالم الكتب ، القاهرة .

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

- Austin, John L.(1962), How to Do Things with Words, Clarendon, Oxford.

- Holmes, J. (1995) Women, Men and Politeness. London:

-Kirsten Malmkjaer , (2010) ,The Routletge Linguistics Encyclopedia ,Speech –Act Theory, third Edition ,London ,New York.

- McGinty, Sarah M. (2001). Power Talk: Using Language to Build Authority and Influence. New York: Time Warner Company

-Ronald Wardhaugh (2006), An Introduction to sociolinguistics ,fifth edition,Blackweel publishing .Ltd

-Searle, John R ,( 1976) A Classification Of Illocutionary Acts ,Language, In Society ,Vol 5,Number 1 April

- Searle , (1979),EXPRESSION AND MEANING , Studies in the Theory of Speech Acts , CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS,P:16

-

**ئەنتەر نێت:**

: www.upm.ro/gidni/GIDNI-04/Hst/Hst%2004%2019-
www.kurdistan-parliament.org–

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص البحث**

ان للأفعال الكلامية السلوكية دور بارز في ثنايا محاور الكلام ككل ،لذلك خصصنا بحثنا هذا ل((الأفعال الكلامية السلوكية في محاورات البرلمان الكردستاني بحسب الجنس)) ،يحلل البحث الأفعال الكلامية السلوكية حسب الموضوعات و الجنس .

و ان الأفعال السلوكية نوع من الأفعال الكلامية ،هذه الأفعال مرتبطة بتلك الأفعال الكلامية الخاصة بالحالة النفسية الذي يصدر من قبل النواب أثناء محاوراتهم عن طريق عدد من الأفعال يعبرون بواسطته عن شعورهم.و المنهج المتبع في هذا البحث هو المنهج (الوصفي _الاحصائي)،و النماذج مأخوذة من بروتوكولات البرلمان الكردستاني ،بحسب عدد من المشاريع القانونية المناقش عليها في الجلسات البرلمانية خلال ثلاث دورات كالآتي: الدورة الثانية للبرلمان(2005_2008) و الدورة الثالثة (2009_2012) و الدورة الرابعة (2013_2017).

و يعتمد البحث على المبادئ الأحصائية و الهدف الرئيسي للبحث هو الوصول الى عرض نسبة استعمال الأفعال حسب الموضوع و الجنس من جهة و من جهة أخرى نسبة الأفعال السلوكية حسب الجنس(ذكورا و اناثا).

**Abstract**

This study which is entitled 'The Behavioral Speech Acts in the Kurdistan Parliamentary Discussion; according to Sex' analyses the behavioral speech acts according to subjects and sex.

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

And that behavioral act is a kind of speech acts, and these acts are linked to those speech acts of psychological state that are issued by the parliament members during their discussion through a number of acts through which they express their feelings.

The methodology has taken, in this research, the statistical descriptive approach, and models or data were taken from the Protocols of the Kurdistan Parliament, according to a number of legal projects discussed in the parliamentary sessions during three sessions: the second session of the Parliament (2005_2008) and the third session (2009_2012) and the fourth session (2013-2017).

The research is based on statistical principles and the main objective of the research is to access the percentage of the use of speech acts by subject and sex on the one hand and the proportion of behavioral speech acts by sex (male and female).